## ئەری دەتوانن د. کەماڵ دادگایی بکەن؟! ... عەلی مەحمود محەمەد

2005-11-9

برادەران زۆرجار ئیمەیلم بۆ دەنێرن کە بۆ چاوم باشییەکان دەسەڵاتی کوردی نابینێت؟، چاوێلکەی ڕەش داکەنم، ئەوەتا قوتابخانە دروست دەکرێت، شەقام قیرتاوە کرێت، بە ڤۆڵت کارەبا بەسەر ماڵاندا چك دابەش دەکرێت، تەنکەر بە گەڕەکەکاندا بە پەرداخ ئاو دەکات بە خێرات. سەرۆکی عێراق لە کۆشکی سپی بە زمانی شیرینی کوردی قسە دەکات، 67 وشەی کوردی ڕەسەن، بە بێ هەڵەی زمانەوانی و گرێ، دەکات بە دەسکەوتی مێژوویی بۆ کوردەواری، سەرۆکی کوردستانیش بە بەرگی ڕەسەنی کوردییەوە، بە کلاو جامانەوە لەگەڵ بۆش تەوقە دەکات.

بەڵام لە ڕاستیدا، نە 67 وشەکەی بەڕێز تاڵەبانی ڕاستی تێدا بوو، نە جامانەکەی بەڕێز بارزانیش جل و بەرگی کوردی بوو، ئاخر بەڕێز تاڵەبانی لەو 67 وشەیەدا باسی ئەزمونی دیموکراسی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنی و مافی مرۆڤ و پێشکەوتنی ئابوری کوردستانی کرد، کە هیچی لە ڕاستیدا وا نییە، هەمووی دور بوو لە ڕاستییەوە. بەڕێز بارزانیش جامانەی سوری لەسەر نا، کە هێمای کورد نییە، بەڵکە هێمای تەنها یەك عەشیرەتە لەناو نەتەوەی کورددا.

قەڵەم و زمان زۆربوون بەسەر و باڵی 67 وشە مێژووییەکەی تاڵەبانی و جامانەکی بارزانییا هەڵییان دا، ئەوانەی ئەهلی نیعمەتی سلێمانی پالاس و شیراتۆن پالاسن، ئەوان چاوێلکەیەکیان لە چاوە هەموو شتی دەسەلات بە دیووە باشییەکەی دەبینن و دەخوێننەوە، لای ئەوان دەسەلات سەرکردە پیرۆزن، هەموو شتێکییان موفەڕکە، دەردە کوشندەکانیان چارەسەر دەکات، ئەگەر هەڵە و پیسابییەکەشیان بێت. چاوێلکەکەی ئێمەش دیوەکەی دیکە دەبینێت، لەم زبڵدانی گەندەڵی و دکتاتۆرییەی کوردستاندا لوتم دەوێت بۆنی گوڵ بکات، چاوم دەوێت لە جوانی زەوق ببینێت.

نووسەرێکی ئانارشیست، لەم ڕۆژانەدا باسی لەوە کرد، هێشتا لە بەرەی هەژارانە، بەلام لە یادیکردووە، شەوێکی خەوتنەکەی بێ لە پێك و کەیف و سەفا، بە ئەندازەی دوو مانگی مانگانەی هەندێك خێزانی پلە دووی شەهیدان و ئەنفالەکانە، ئەمەیە بەرەی هەژاران.
ئاساییە دەسەلات پێیا هەڵدەر و ڕەخنە گری خۆی هەبێت لە هەمان کاتدا، چۆن بە بەغەکانی چاویان گەندەڵی، فەلاقە، تیرۆر، تالانی کوردستان نابینێت، چاویلەکەی ڕەخنەگرانیش نە نەوت ڕێژکردنی جادەکان بە شەقام دروستکردن، بەردانی بارزان تکریتی بە کوردایەتی، تالانی هەولێر بە نەتەوەیی دەخوێننەوە، ئاخر من چی لە جامانە بکەم لە کۆشکی سپی، تۆ لە کوردستان هەموو جامانە لە سەرەکانت لە ماڵی خۆیان لە برسان و ترسان کوشتبێت!. چی لە 67 وشەی کوردییەکە بکەم، 10 ئەوەندەش بە هەمان زمان بەسەروباڵی ئەردۆغاندا هەڵدەیت، کورسی سەرۆکایەتی ئەوەندەی لە بەرژەوەندی وەفیق سامەڕایی و فرۆکەوان و بەرزان تکریتی و سیستانی بوو، کورد تەنها وشەی خائین بوونی لێ دورییەوە.

لە كاتێكدا بۆنی گەندەڵیتان هەموو كوردستانی ئاوهەوا سازگاری بۆگەن كردووە، چی لەو دیموكراسییەتەتان بكەم تاكو ئێستا یەك دادگایی كردنی سەربەخۆ، یەك خۆپیشاندانی ناڕەزایی فەرمی لە كوردستان لە سایەیدا بەخۆوە نەبینییوە.

وریا بە تەور كەل و پارچە كرا، فزە نەكرا، عەلی بچكۆل لەسەر نامەیەك وڵات بەدەر كرا، فزە نەكرا، هەزاران كەس تیرۆر و شوێنبزركران فزە نەكرا، زیندانی ئاكرێ و قەڵاچۆڵانتان پڕ كرد لە نەیاری سیاسی، فزە نەكرا.

دەزانن لەگەڵ بوونی دیموكراسیی ڕاستەقینەدا، هەموو دەنگە كپكراوەكان زیندوو دەبنەوە، وریا بە سەری بڕاوەوە داوای مافەكانی دەكاتەوە، شەهیدانی شەڕی ناوخۆیی دادگی بكوژانییان دەوێت، ونبووەكان داوا دەكەن بكرێن بە قوربانیانی جینۆساید، جەماوەریش لە بەرپرسان دەپرسن، ئەمەتان لە كوێ بوو؟؟، فیرعەوناوە و شاری خەونەكانیش دەگۆڕێن بۆ دزاوە و جاشاوە!.

بە وتەی بەڕێز تەها بەرواری، چەند كەسێك دەعوایان لەسەر د. كەماڵ بەرز كردۆتەوە، ئەم هەواڵە گەمەكە خۆشتردەكات، گۆم تا قول بێت مەلەوانی خۆشتر دەبێت. ئایا ئەو كەسانەی دەعوایان لەسەر د. كەماڵ هەیە كێن؟، هەر ئەوانە نیین لە ڕابردوودا د. كەماڵ بە كۆنە بەعسی و فایلداری ناساندبوونی؟. كەواتە لەگەڵ دادگاییەكەدا هەموو كێشە خەوتووەكان زیندوو دەبێتەوە، هەموو فایلە تۆز گرتووەكان دێنە پێشەوە، هەموو پشكۆكانی ژێر خۆڵەمێشەكە گڕ دەگرنەوە، بۆیە كڵپەی دادگاییەكە لەوە گەورەترە ئێستا هەستی پێ دەكرێت.

كوشتنی د. كەماڵ زەحمەتە لەم ڕۆژگارەدا لە كاتێكدا ناسنامەی نەمساوی هەیە، دەنا ئەنجام دەدرا، لە بەر ئەوەی حكومەتی نەمسا، ئەمنستی، دەیان دەزگای دیكە هاتوونەتە قسە لە سەری، ئێران هێشتا كێشەی ڕۆژنامەنووس زەهرا كازمی لەگەڵ كەنەدا یەكلا نەكردۆتەوە، كە لە شەقام پۆلیس لێیان دا، نەك لە زیندان بە ئەشكەنجە كوژرابێت.
لەوانەیە پدك وابزانن ینك لە پشت ئەو كێشەیەوەیە، بەڵام ینك لە پدك زیاتر لە دادگایی د. كەماڵ دەترسێت، چونكە د. كەماڵ هەموو فایلەكان تێكەڵ دەكات. د. كەماڵ دەستی بۆ ئاگرێك بردووە هەموو دەسەڵاتداران لە ئاگری خۆیدا دەسوتێنێت، لە گەندەڵی، پێشێلی مافی مرۆڤ، تاڵان و بڕۆی كوردستان، فایلدارەكان، كۆنە بەعسییەكان، چاكسازی و پاكسازی، ئەمانەش هەمووی بەرۆك بە ینكیش دەگرێت.
د. كەماڵ ئەگەر لەسەر ینك یشی بنوسیایە، بەو شێوە زمانە، بەهەمان شێوە مامەڵەی لەگەڵ دەكرا.

ئەگەر دادگایی د. كەماڵ ئەنجام بدرێت، ئەنجامەكەی هەرچۆن بكەوێتەوە لە قازانجی دیموكراسییەتە، كەواتە د. كەماڵ چ سزایەك بدرێت دەبێتە قوربانی دیموكراسی، هەرچەندە باوەڕم وایە د. كەماڵ لەو دادگایە بێ تاوان دەرناچێت، بەشێك لەو ڕەخنانەی گرتوییەتی بە بەڵگەوە بۆی ناسەلمێنرێت، سەرباری شێوازی دەربڕینەكەی، بەڵام دادگای ئازاد و كراوە شەرم لە كەس ناكات، ئەنجامی دادگاییەكە زۆر بەرفراوانتر دەڕوات لە د. كەماڵ، كۆمەڵ دەهەژێنێت، هەموو چاوە نوقاوەكان دەكاتەوە، هەموو ماف خوراوەكان بێدار دەكاتەوە، تاك هەست بە بونی خۆی دەكات.

لە داهاتوودا دیموکراسییەت لە کوردستان دابەش دەکرێت بەسەر قۆناغی پێش گرتنی د. کەماڵ و قۆناغی پاش گرتنی د. کەماڵ. ئەوەشی لام ڕوونە نە پارتی و نە یەکێتی ناوێرن خۆیان لە قەرەی دادگایی د. کەماڵ بدەن و لێی دەتەرسن، بۆیە تا پێیان بکرێت خۆیانی لێ دپارێزن، ئاخر ئەم دادگایە لە دادگایی ڕۆژنامەنووسە بەسزمانە هەرزەکارەکان گەورەترە.

بە هەمان شێوە دادگایی د. کەماڵ، ستەمی دادگای کوردستانیش دەخاتە بەردەم ئەزمونێکەوە، پیشانی دەدات چەندە سەربەخۆیە، لە ئێستاوە ئەگەر د. کەماڵ دادگایی بکرێت، پێشنیار دەکەم ناوەندی CHAK:

-پارێزەرانی بێسنوور ئاگاداربکاتەوە لە پرۆسەی دادگایی کردنەکە، بۆ ئەوەی بەشداربن تیایدا و لە نزیکەوە چاودێری پرۆسەی دادگاییەکە بکەن، تاکو دادگا بێلایەنانە مامەڵە بکات لە نێوان شکات کەر و شکات لێکراو.

-هەر فایلدار و کۆنە بەعسییەکە دەعوایان لەسەر د. کەماڵ بەرز کردەوە، چاك دەبێت پارێزەری خۆی هەبێت لە دادگا بۆ پارێزگاری لە د. کەماڵ، چونکە لەو بارەدا کێشەکە لە دادگایی د. کەماڵ دەردەچێت، هەروەها ڕێکخراوی ڕیشەکێش کردنی بەعس و هاوپەیمان ئاگاداربکرێنەوە لەوەی لە کوردستان هەموو پێوەرەکان پێچەوانە کەوتۆتەوە، فایلدار و بەعسییەکان خەڵکی کوردستان دادگایی دەکەن.